# ڕێژنەیەك ژن

قوبادی جەلی زادە



## گوڵی دەریا

خۆزگە تۆفان ،

کەشتیەکەی نوحی دەختکان .

ئەوساکە نووح ،

یا دەبوو بە نەهەنگ .

یا بە ماسییەکی زل .

یا بە تیمساح !

ئەوساکە ئێمەش ، یان دەبووین

بە بۆق .

یا کیسەڵ .

یا قرژاڵێکی زەبەللاح !

ژنانیش ، یان دەبوون ،

بە شەپۆلێکی سپی

یان بەگوڵی دەریا

یان بەڕەوەزە مەرجان !

## عەتر

بەهاران هەور ،

گەواڵە ژنێکی تەنگاوە ..

کراسە خۆڵەمێشییەکەی تا سەر چۆکان هەڵدەکات و

بە نێو کێڵگەیەك میندا ، رادەکات !

لەپڕ پۆلێك مین لە بن پێ خرپنەکانیدا ،

دە ت ە ق ن ە وە !!

له ترسان هەور ،

تنۆك

تنۆك

عەتر دەکا بە ئێمەداو

چۆڕ

چۆڕیش ،

میز دەکا بە خۆیا !

## تەنیا ژن

خۆزگە تەنیا ژن ، ژن باخەوان دەبوون !

دڵنیام پەرژینیان ، لە سۆز دەچنی .

زیکزیکەیان فێری مۆزیقا دەکرد !

بە چۆلەکەکانیان دەگوت :

تکایە .. تا لە حەمام دەگەڕێینەوە ،

چاوێکتان بەو پەپوولە زەیستانەوە بێت .

خۆزگە ژن ، تەنیا ژن پاسەوان دەبون ..

کە لە درەختێک تووڕە دەبوون ،

بە فرمێسک گەڵاکانیان تەڕ دەکرد !

کە لاساری بکردایە گوڵێک ،

بە مەمك هەڕەشەیان لێ دەکرد .

ئەساکە هەنگ نەیدەزانی ،

شیلەی گوڵ بمژێ

یا

گێلاسی مەمك !!

## ڕەشەبا

هەموو پۆلیسەكانی هەرێم ،

بە شوێن رەشەبایێ كەوتوون

گۆیە دەڵێن ،

لە راستە شەقامێكی شاردا ،

تەنوورەی ژنێكی هەڵداوەتەوە !